## بۆ بەڕێزان توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەڕێز

## بۆ سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**ئەم کاتەتان باش،**

**سوپاستان دەکەین بۆ خوێندنەوەو بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە، کە چەندین هەڵویستمان وەرگرتووە، لەبارەی کۆبوونەوە نایاساییەکەی دوێنی کۆمەڵەی ماوەبەسەرچووی کۆمەڵناسانو دەروونناسان.**

لەگەڵ ریز

**بۆ پەیوەندی و زانیاری زیاتر:**

**07704076856**

**07503596704**

**بەیاننامە لەژێر ناونیشانی:**

**نا بۆ قۆرخی پۆست**

## بەڵێ بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و کۆنگرەی سەرتاسەری کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان

رۆژی سێشەممە ٢٧-٣-٢٠١٢ لەهۆڵی تەواری شاری سلێمانی، بەشێك لە توێژەرانی پەروەردەی سلێمانی، لە ڕێگەی دەزگاکانی دەسەڵاتەوە، کۆکرانەوە بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵەیەیەکی ماوەبەسەرچوو. ئێمە دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیە، ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

1- لەڕێگەی ئیستغلالکرنی بەریدی پەروەردەی سلێمانییەوە، ئەو کۆبونەوەیە ئەنجامدرا، و لەکاتی دەوامی فەرمی توێژەران کۆکرانەوە، کە ئەوەش نایاساییە؟؟؟ !!!

2- کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی سلێمانی، کۆمەڵەیەکی ناشەرعیو ماوەبەسەرچووە، لەبەرئەوەی:

أ- دوو ساڵە ماوەی یاسایی بەسەرچووە و هەڵبژاردنو کۆنگرەی نەکردوە .

ب- هەروەها سەرجەم دەستەی کارگێری کۆمەڵەی ناوبراو دەستیان لەکارکێشاوەتەوە و تەنها سەرۆکی ماوەبەسەرچوو ماوەتەوە، لەرووی یاساییەوە ئەگەر دوو لەسەر سێی کۆمەڵەیەك دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەوا سەرۆکی کۆمەڵەکە هیچ شەرعیەتێکی نامێنیت، بەڵام نازانین بۆچی سەرۆکی کۆمەڵەکە ئەوەندە وابەستەی ئەو پۆستەیە و دەستبەرداری نابێت ؟؟!!

3- سەرۆکی کۆمەڵەی ماوەبەسەرچوو، چوار ساڵە زانیاریی شاردوەتەوە لەبەشی مۆڵەتی کۆمەڵەکان لە حکومەتی هەرێم، وێنەی ئیستقالەی ستافی کارگیری رادەستی بەشی مۆڵەتی کۆمەڵەکان نەکردووە، بەمەبەستی ئەوەی کە کەس نەزانێت (نەك دوو لەسەر سێ)، بەڵکو سەرجەم ستافی کارگێڕی ئەو کۆمەڵەیە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، تا بتوانێت هەر خۆی بەناوی کۆمەڵەوە سەرجەم بابەتە مادی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵە ئیستغلالبکات.

4- لە کۆبونەوەکەدا بە پەلەقاژە و بەشێوەیەکی عەشایەری و بە بێ بوونی داتا و لایەنی یاسایی، کەوتوەتە ئەوەی کە خۆی بۆ خۆی لیژنە دروستبکات و هەندێك ئیجرائات بکات، بەڵام وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، خودی کۆمەڵەکە و سەرۆکەکەی ماوەبەسەرچووەن.

5- ئەوان دەیانەوێت، کۆنگرە و هەڵبژاردن بکەن بەدەر لە کۆمەڵناسان و دەروونناسانی شارەکانی دیکەی کوردستان ، کە ئەمەش بۆ خۆی جێگەی پرسیارە ؟؟؟!!! ئەوەی ئێمە لێ تێدەگەین بۆئەوەیە، کە سەرۆکی ماوەبەسەرچووی کۆمەڵەی سلێمانی، زۆر دەترسێت لە هەڵبژاردن و کۆنگرەی سەرتاسەری و ناوێرێت لەو مەیدانەدا خۆی تاقیبکاتەوە.

6- زۆر لامان سەیرە ، کەسانێك خۆیان ناوبنێن کۆمەڵناس، بەڵام رێگری بکات لە هەڵبژاردن و کۆنگرەی سەرتاسەری بۆ کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان ، بۆخاتری پاراستنی چەند بەرژەوەندییەك (کە نازانین چییە؟؟؟!!) ئامادەبێت سەرجەم توێژەران بکاتە دوو بەشەوە و دوو ئیدارەیی زیندوبکاتەوە و وەك دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان.

7- دەبوو هەر زوو سەرۆکی کۆمەڵەی ماوەبەسەرچووی سلێمانی بیوتایە، ماوەی یاساییم بەسەرچوو، فەرموون بە هەڵبژاردن و کۆنگرەی سەرتاسەری، ستافی نوێ و دەموچاوی نوێ هەڵبژێرن ، نەك قۆرخی بکات.

ت- بە وتەی سەرۆکی ماوە بەسەرچوو کۆمەڵە نزیکەی ١٤٠٠ ئەندامی هەیە، بەڵام لە کۆبوونەوەکەی رۆژی سێشەممە ٢٧-٣ دا، نزیکەی دووسەد توێژەر ئامادەبوون، ئەوەش نیشانەی نیگەرانی و بێزاری توێژەرانە لە سەرۆکی

کۆمەڵەی ماوەبەسەرچوو. ئەو ژمارەیەی کە ئامادەی کۆبونەوەکە بوو، ناکاتە یەك لەسەر حەوتی ئەندامانی کۆمەڵە، ئیتر چۆن دەکرێت لە کۆبونەوەیەکی لەو جۆرەدا دەنگدان بۆ هەر شتێك بکرێت بەناوی کۆمەڵناسانو دەروونناسانەوە!!!؟؟؟

ئێمە دەمانەوێت:

هەڵبژاردنو کۆنگرەیەکی سەرتاسەریی بۆ کۆمەڵناسانو دەروونناسانی هەرێمی کوردستان، سازبکرێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵەیەکی بەهێزو ئەکتیف، شایستە بە کۆمەلناسانو دەروونناسانی کوردستان.

ئەمانەوێت لە هەڵبژاردنو کۆنگرەیەکی سەرتاسەرییدا ڕێزبگیرێت لە دەنگی هەموو کەرچووانی کۆمەڵناسیو دەروونناسی، هەموویان بانگهێشت بکرێن.

ئێمە هیچ کارمان بەوە نییە، کە کێ دەردەچێتو کێ دەرناچێت لە هەڵبژاردنەکەدا، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە توێژەران ڕۆڵو کاریگەرییان هەبێت لە دانانی دەستەی بەڕێوەبردنو چۆنێتی دانانی لقەکانو چۆنێتی دابەشکردنی بوجەو هەموارکردنەوەی پەیرەوو دیاریکردنی هەموو جومگەکانی سەندیکاکە.

ئەمانەوێت قۆرخکاری پۆست نەمێنێت لە کوردستاندا، دەمانەوێت یاسا سەروەربێت لەکۆمەڵگاکەماندا، دەمانەوێت ئەو کەلتورە دروستبکەین کە هەرکەسێك ماوەی یاسایی خۆی تەواوکرد لە پۆستێکدا، بێ ملەجیرەو بێ خۆسەخلەتکردن بێ خۆزیتکردنەوە واز لە پۆستەکە بهێنێت و ڕێگاخۆشبکات بۆ دەموچاوی تازەو ڕێز ل دەنگو ئیرادەی خەڵك بگیرێت، بۆیە دەمانەوێت سەرۆکی کۆمەڵەی ماوەبەسەرچوو، بێ ملەجیرە پۆستەکەی واز لێ بێنێت و ڕێگا خۆشبکات بۆ دەموچاوو هێزی نوێ و ئیتر ڕێگری دروستنەکات بۆ هەڵبژاردنو کۆنگرەی سەرتاسەری کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان.

**لیژنەی کاتی ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردن و کۆنگرەی سەرتاسەری**

**سلێمانی**

27-3-2012